لێنجامی هەرشی چەکداری گەنجێک لە باشووری بەغدا کوژرا

سەرچاوە ئەمنییەکان ڕایانگەیاند کە گەنجێک لە هەرشێکی چەکداری بە سەر ئۆتۆمبێلێکی لە ناوچەی سەیدیە لە باشووری بەغدا کوژراوە.

سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆدا، کە چەند چەکداری نەناسراو تەقەیان لە گەنجێکی مەدەنی کردووە و دەستبەجێ گەنجە بەئامانج گیراوەکە کوژرا، کە دەرکەوت گەنجێکی لەدایکبووی ساڵی 2002 بووە.

سەرچاوەیەک لە بەغداوە ئاماژەی بۆدا، کە دەستبەجێ دوای ڕووداوەکە هێزێکی ئەمنی گەیشتوونەتە شوێنی ڕووداوەکە و لێکۆڵینەوەیان لە ڕووداوەکە دەستپێکردووە و ئاماژەی بۆشکرد کە لێکۆڵینەوەکان بریتین لە پەداچوونەوە بە کامێراکانی چاودێری ناوچەکە بە گەیشتن بە ئەنجامدەران و ناساندنیان.